ئێران و سیناریۆی دووباره ی وه ك عێراق                                 شێرزاد خه راجیانی

سه ركه وتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و كشانه وه ی سۆڤێتی جاران له ئه فگانستان سرووشتی ناكۆكی و ململانێی دوو جیهانی ( ناتۆ و وارشۆ) بوو له ڕۆژهه ڵاتی ناوه ڕاست له پاڵ كێشه ی ( فه له ستین) و كێشه ی خه فه كراوی( كوردی) له ساڵانی هه شتای سه ده ی ڕابردوو دا. كه سه رئه نجام جه نگی 8 ساڵه ی ( ئێراق- ئێران) به خۆبه ده سته وه دانی ئێران به رامبه ر UN و بڕیاری( 598) كۆتایی هات. گه رچی ئه مه بڕیارێكی تاڵ بوو بۆ ڕێبه ری ئێرانی( ئیمام خومه ینی)،به ڵام هه نگاوێكی ژیرانه بوو كه گه لانی ئێرانی دووچاری مه ینه تی یه كانی گه لانیئێراق نه كرد به درێژایی ساڵانی( ئابڵۆقه 91-2003)وسه رباریش ئاشتی درووست كرد . كێشه ی ئێستای ( ئه تۆمی ئێران) و هه ڵوێستی ده وڵه تی ئێران و نه خوێندنه وه و به هه ند وه رنه گرتنی هه موو ئه و سیگناڵانه ی ( به ره ی براوه ی ڕۆژئاوا) به دۆسته ستراتیژیه كانی وه ك ( ڕووسیا و چین) یشه وه ده نێرێن ئاماژه ی ئه وه ن كه وه زاره تی ( ئه حمه دی نه ژاد) ئه زموونی ساڵی (988) ی له بیر كردوه یان ناخوازێت دووباره ی بكاته وه. ناكرێت ده زگای ئاسایشی نه ته وه یی ئیمرۆی ئێران ئه وه ی له یاد كردبێت كه ڕه تكردنه وه ی وولاته كه ی به رامبه ر بڕیاری (598) به درێژایی ساڵێك بۆ هه ڵوێستی ڕووسیا ده گه ڕێته وه . ئیمرۆ ئێران گه مه یه كی دۆڕاو و دووباره ی سیناریۆی ( به عس و هاوپه یمانان) له گه ڵ ئه مریكا ده كات ،كه كۆتایی یه كه ی به برانه وه ی ئه مریكا ته واو ده بێت،ئه ویش له هه موو دۆخه كانی ململانێ كه دا ده كاته ئه وه ی ئێران ناتوانێت ( چه كی ئه تۆمی) هه بێت،جا ئامانجێكی وا به گۆڕینی ڕژێمی ده سه ڵات له ئێران كۆتایی بێت وه ك له ئێراق ڕوویدا یان به مانه وه ی وه ك لیبیا. لایه نی شارا وه ی گه مه ی هه ردوو لا یا ن به رامبه ر یه كتر وازی تیادا ئه كه ن و به هه ڵچوون و داچوونی ململانێكه ماوه و كات و چۆنایه تی یه. پته وی و به هێزی كۆڵه كه كانی ئاسایشی نه ته وه یی هه رده وڵه تێك به رامبه مه ترسی یه كانی ده ره وه تا له ناوه وه گه مارۆ نه درێت ، دیموكراسییه و له جۆری ده وڵه تی وه ك ئێران مافی چاره نووسی نه ته وه كانیه تی و به شداری پراكتیكانه ی ده سه ڵات و بڕیاره. چه ند دیموكراسی درز وكه لێنه كانی ناوه وه له ڕووی هێرشی ده ره كی و په لاماردا تۆكمه ده كات ئه وه نده ش كلۆمكردنی كه ناڵه كانی به رده م ئۆپۆزیسیۆن له وولاتدا ڕێگای كراوه و ئاسانن كه هێرشه كانی لێوه ده كرێن.

ئه گه رچی بیركردنه وه و مه یلی سه ربازیانه ی ئێران بۆ چه كی ئه تۆمی بیانووی ئه وه ده داته ئه مریكا كه تواناو دامه زروه جه نگی یه كانی ڕووبه ڕووی گورزی ئه مریكا بكاته وه ، به ڵام كۆمه ڵێك فاكته ری به هێزی زیاتر هه ن كه ناكۆكیه كانی نێوان هه ردوو لایه ن دژوار بكه ن و ئێران بكه نه ژماره 3 ی خاڵی له شكری ئه مریكا پاش تالیبان و به عس:

1) سروشتی ئایدۆلۆژی ئاینی ئێران هه ڕه شه یه له سه ر ئیسرائیل و به رژه وه ندی یه كانی خۆرئاوا. 2) بوونی ئه تۆم له ده ست ئێران وا ده كات ڕۆڵی ناوچه یی زۆرتر بكات به تایبه ت له سه ر وولاتانی بچووكی نیوه دوورگه ی عه ره ب و هه ڕه شه له پاپۆڕو بۆریه كانی نه وت له كه نداوی فارس بكات3) باڵاده ستی سه ربازی گۆڕانی تای هێزه كانه له خۆرهه ڵاتی ناوین .
4) ساڵانێكه ئێران ده وڵه تێكی ناو به رنامه ی ( هه ڵاواردنی دوانه ) ی ئه مریكایه پاش ئێراق. 5) هاوپه یمانی و دۆستایه تی له گه ڵ سوریا و گرووپه شیعه كانی لوبنان .
6) هه ڵوێستی دووڕوانه ی له ئێراق.

هه موو ئه مانه له كۆن و نوێ دا وای كردووه له جه نگی دژه تیرۆری نێوان ئیسلامی ڕامیاری و به ره ی ئه مریكا دا،ئێران به وولاتێكی به ره ی دژی تیرۆرنه زانرێت كه به لای ئه مریكاوه ئه مه بۆ خۆی پشتیوانی تیرۆره.